# زۆر بەرێز حاکم قادر... پارێزەر. خالید مەجید فەرەج

لەگەڵ بەرێز حاکم قادر حەمە جان عەزیز، لە کۆتایی حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکاندا خوێندکاری کۆلیژی یاساو رامیاری بەشی یاسا بووین کاك قادر تابڵێی کەسێکی هێمن و لەسەر خۆ بوو هەمیشە بە گیانێکی وەزشی و بە ئەدەبەوە مامەڵەی لەگەڵ هاوەڵەکانی و دەوروبەری خۆیدا ئەکرد دیارە ئەوەش رەنگدانەوەی ئەو ئیهتیمامەی بوو کە بە تۆپی پێی ئەدا کە یاریەکە گیانی بەکۆمەڵ ئیشکردن و هاریکاری کردن لەگەڵ یەکتری رێز لە بەرانبەر ئەخولقێنێ بۆ خۆی یاریزانێکی تۆپی پێ تارادەیەك ئاست پێشکەوتوو بوو لەیەکێك لەتیپەمیللیەکانی ئەوسای شاری سلێمانی و شانبەشانی ئەوەش وەکو هەموو خوێندکارەکانی ئەو سەردەمە کەسێك بوو ئیلتیزامی بەخوێندنەوە بۆ دیاری کردنی پاشەرۆژی خۆی هەبوو کە ئەویش وەکو بەندەو زۆرلەهاوەڵەکانی ترمان سەرەرای سەختی ژیان و جەوروستەمی دەسەڵاتە ناشەرعی و ناقانونیەکەی بەعس بڕیاری خوێندنی یاسامان دابوو رەنگە کەسانێك هەبووبن ئالەو سات و وەختانەدا کە سەدام حسێن تاکە فەرمان ڕەواو ومەجلیسی قیادەی سەورەش هەیئەتی ناشەرعی تەشریعی بوو مەحکەمەی سەورەش حوکمی ئیعدامی بە جوملە بۆ بەندیە سیاسیەکان دەر ئەکرد خوێندنی یاسای لەودەمانەدا بەکارێکی عەبەسی لەقەڵەم دابێ دیارە هەقیشیان بوو بەڵام دواتر دەرکەوت کە ئەو بڕیارەمان کارێکی ئەقڵانی بوو چوونکە دوای ئەوەی خوێندنمان تەواو کرد کاك قادر رووی لە شاخ نا و لەناو بزوتنەوەی رزگاری خوازی کورد بوو بە حاکمی شۆرش ئەگەر هەڵە نەبم ئەو بەرێزانەی کە پێش ئەو بەو ئەرکە هەڵدەسان کەسیان بڕوانامەی بکالوریوسیان لە یاسا نەبوو بۆیە دەکرێ کاك قادر بە یەکەم حاکمی شورش لەقەڵەم بدرێ کە ئیجازەی لە حقوق دا هەبێ هەر ئەوەش بوو کە نازناوی حاکمی بە کاك قادر بەخشی، ئاکامێکی باشی تری بڕیاری خوێندنمان لە یاسا ئەوەبوو بەندەش هەر کە یەکەمین تەلەفیزیۆنی کوردی ئازاد لەسلێمانی دامەزرا دەست پێشخەریکردو ماوەی پێنج ساڵ یەکەمین پرۆگرامێکی یاسایی و کۆمەڵایەتی ئامادەو پێشکەش ئەکرد جگە لەبەرنامەکانی بیرەوەری پێشمەرگایەتی و پێشمەرگە لەسەنگەری پێشەوە هەروەها کارکردن لە هەموو بەشەکانی تر وەکو بەشی هەواڵ و سیاسەت و رادێوو و سەرەرای نووسینی چەندین گۆرانی کوردی کە لە هەموو کەناڵەکانی رادیۆو تی ڤی لێ ئەدرێن و زۆر کاری تری راگەیاندن کە زۆربەی خەڵکی کوردوستان ئەوانی تی ڤی گەلی کوردستانی ئەو کاتەیان ئەبینی دەست خۆشیان لێ ئەکردین ئێمەش بەگیانێکی کوردانەو شۆرشگێرانەوە ئەوەندەی تر بێ بەرانبەر خۆمان بەخت ئەکرد هەوەها بەهەمان رۆحیەتەوە بۆ زیندووکردنەوەی یەکێتی مافپەروەرانی کوردستان کە لەشاخ دامەزرابوو و پاش پەرتەوازە بوونی هێزی پشمەرگە بەهۆی ئەنفالەوە کە هەندێکیان تەسلیم بوونەوەو هەندێکی کەشیان روویان لە هەندەران کرد چەند مەفرەزەیەکیشیان بە نهێنی لە کوردستان مانەوەو ماباقیش ئاودیوی سنوور بوون دیارە کاك قادر لەو پێشمەرگانەبوو کە نەتەسلیم بۆوە و نە بۆهەندەرانیش چوو. بەندە لەگەڵ دەستەیەك لە یاساناسەکانی تر هەڵبژێراین بۆ ئامادەکاری بۆ کۆنگرەی دووەمی ئەو یەکێتیە کە بوو بە رێکخراوەیەکی پیشەیی رەسمی بۆ هەموو ماف پەروەرانی کوردوستان و دواتریش بوو بەهۆی دامەزراندنی یەکێتی پارێزەرانی کوردوستانیش کە تاوەکو ئێستا

شەرەفی ئەندامێتیم لەهەردووکیانا هەیە هەرچەندە باری نادروستی وولات ئێمەو زۆر لە دڵسۆزانی تری وا لێکرد روو لە هەندەران بکەین بەڵام لەوێش وەکو قەڵەمێکی بە ئەمەك بۆ خاك و گەلەکەمان لەو ئەرکە پیرۆزە دانەبڕاین و بەردەوام وەکو نووسەرو رۆژنامە نووس و یاساناس لەگەڵ دەستەیك لەروناکبیرانی کورد کە بەزمانی عەرەبی ئەتوانین بنووسین بە ئەرکی سەرشانی خۆمان هەڵساوین بەتایبەتی لەوەڵامدانەوەی ئەو نووسەرە بەعسی و ئەنفالچیانەی کە چاویان گەلێك نابینێ ناوی کورد بێ بێگومان هەموو ئەوگەلانەی کە بەقۆناغی رزگاری نەتەوایەتیا تێپەر بوون چەندە پێویستیان بە پیشمەرگە هەبووە ئەوەندەش بەو رووناکبیرانەی کە هەقیانەتی داواکەیان بۆ دۆست و دوژمنایان روونکردۆتەوە. ئەوکاتەی کە بەرێز قادر حەمە جان عەزیز کاندیدی ی ن ك بوو بۆ سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی و دواتریش ئەو پۆستەی پێسپێررا رەنگە بەندە یەکەمین کەس بووبێت لە هەندەران سەد دەر سەد لەگەڵ هەڵبژاردنی ئەو بەرێزەدا بوبێت و بەدڵ پێی خۆشبووبێ ئەگەر لەم لاو لەولا راو بۆچونێکیش هەبووبێ لەدژی ئەو ناوزەنەکرنە بەپێی تواناو بە خۆبەخشی داکۆکیم لە بەرێز حاکم کردبێ چوونکە هەموو کاتێك من بەچاوی ئەورۆژانە سەیرم کردووە کە خوێندکارێکی بەشی یاسا و کوردپەوروەرێکی پاك بووە کە پێکەوە لەگەڵ زۆربەی برادەرەکانمانا ملمان بۆ وەعدو بەڵێنە کانی بەعس نە ئەدا کە بەردەوام داوایان لێ ئەکردین ئەگەر لەگەڵیان بین باشترین مەنسەب زۆرترین دەست کەوتی مادی چاوەرێمان ئەکات. بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنج بوو لای بەندە ئەوەبوو لەساڵی 2004 کاتێك رۆشتمەوە بۆ کوردستان سەردانێکی شارەوانی سلێمانیم کرد بێ گومان داوام لە بەرێز سکرتێرەکەی کرد کە ئەمەوێ بچمە لای بەرێز کاك قادر دوای ئەوەی خۆم ناساند ئەوەبوو زۆر بەرێزەوە فەرمووی لێکردم کاتێك چوومە ژوورەوە بەرێزی زۆر مەشغول بوو قەیرێك دانیشتم دواتر ووتم بابرۆم دیارە کاروباریان زۆرە ئەوە بوو ئەو رۆژە رۆشتم ئیتر نەچوومەوە جارێکی تر لە ساڵی 2005 مانگی چوار سەفەرێکی ترم کردەوە ئەم جارەیان برادەرێکی ئازیزم زۆری لێکردم و ووتی تۆ خۆت داوای هیچ ناکەیت و ئەتەوێ لەسەر سینی بۆ بهێنن بۆیە بەهەموو بریارمان دا ئەم جارە بچمەوە و وەکو هاو وولاتیەکی کوردستان کە یەك (ملم) ئەرەزی لە کوردستان نیەو خاوەنی چوار منداڵەو ئەوەندەش ساڵ بێ بەرانبەر خزمەتی ئەو حیزبە بەرێزەی کردووە بەبێ چاوەروانی هیچ پاداشتێك چوونکە ئەوکاتەی ئێمە خۆمان بەخت ئەکرد ئەو خێرو بێرەی ئێستا هەیە نەبوو ئەم جارەش بە هەمان شێوە چوومەوە لای بەرێز کاك قادر دوای ئەوەی سەرەم گەیشتێ بەرێزی ووتی ئەگەر بۆ ئەرزە هاتووی یەك سانتیمەترم نیە ئەوەی منی بریندار کرد هەرگیز نەبوونی ئەرزەکە نەبوو چوونکە وەکو پارێزەرێك وەکو نووسەرێك وەکو کەسێك ئەو ساڵانە لەدەزگای تی ڤی گەلی کوردستان کارم ئەکرد ئەوە تێئەگەیشتم کە ئەگەر ئەرزە نەبێ خۆ بەزۆر نیە بەڵام ئێستاش لەوە تێناگەم بۆ لە بەر چاوی ئەو هەموو خەڵکەی کە لەوێ دانیشتبوون رەنگە زۆربەیان لەو کەسانە بووبن کە ئاواتە خوازبوون شەوی چوار شەممە زوو بێ بۆ ئەوەی بەرنامەی یاساو کۆمەڵیان پێشکەش بکەم کەوەکو کەسایەتیەکی خۆشەویستی شاری سلێمانی ناسرابووم بۆ ئاوا دەستی بەروومەوە نا خۆ ئەکرا پێی بگووتمایە فەرموو بابرۆینە ژوورەکەی ئەو دیوو لەوێ بەتەنیا بەخۆمی گووتبا ئەرزەمان نیە یان جەنابت موستەحەق نیت یان بەهەر شیوەیەکی تر بروا بکەن هەرگیز لە دڵم نە ئەگرت. لێرەدا شتێکم بیر کەوتەوە لەنیوەی یەکەمی نەوەدەکاندا جارێك لەگەڵ ماف پەروەران چووینە لای برای گەورەمان هێژا مام جەلال ئەوەی سەرنجی راکێشام ئەو بەرێزە

سەرەرای جەنجاڵی ئیش و بەرێوەبردنی کاروباری ی ن ك گرانی ئەرکاکانی بەندەی ناسیەوە و فەرمووی بەرنامەکەت بەرنامەی منە چوونکە تۆ خەڵکی فێری ئیلتیزام بە یاساوە ئەکەیت کە بنەمای کۆمەڵگای مەدەنیە. برای خۆشەویستم کاکە قادر من دڵنیام و ئێوەش بەهەمان شێوە، کە (ی ن ك) حیزبێکی مۆدێرنەوە شێوەی خەباتی بەپێی گۆرانی بارو زروفی دۆزی گەلەکەمان لە چەکداریەوە گۆریوە بۆ تەحکیم کردنی سندووقەکانی دەنگ دان بۆیە ناکرێ بەئاسانی خەڵکانێك کە دەورو تەئسیریان لەسەر لانی کەم بەشێکی بچوکیش بێت لەرای گشتی وەیان راستتر جادەی کوردی دوور بخرێنەوە وەیان بێ ئەهمیەت سەیر بکرێن، لەکاتێکدا کە بەندە لە وەلامی نوسەرێکی سەدامی دا ئەنووسم کە کورد قبوڵ ناکەن جارێکی تر وەکو هاو وولاتی دەرەجە دوو سەیر بکرێن بەڵام کە ئەچمەوە ئەو خاك و ئاوەی دڵم پێ خۆشەو هەموو تەمەنی خۆمم لە پێناویا سەرف کردووە ئێستاش ئامادەم بۆ هەموو خۆ بەخت کردنێك بۆی یەك سانتیم زەویم پێرەوا نابینرێ هەقمە شکم هەبێ لەوەی کە ئایا سیفەتی پلە دووم هێشتا هەر لەسەر ماوە!

لەلیستی ئەو مافپەروانەش کە ئیشارەتم پێداو تا ئێستاش هەر ئەندامم تیایا بۆ وەرگرتنی زەوی لە قایمەی ئیحتیاتام! برای ئازیزم کاك قادر دڵنیام کە بەرێزتان لە نەفس بەرزی ئێمە شکتان نیە چوونکە زۆر ئاسان بوو دەورو زەمانی بەعس بچووینایەتە بەردەم سەرۆك شارەوانی وەیان موحافیز وە کو ئەو خەڵکو خوایانەی تر کە کردیان بە ئاسانی هەموو ئەو شتانەمان چنگ ئەکەوت بەلام قەت ئەو سووکایەتیە بە خۆمان و بە میللەتەکەمان پێ قبول نەبوو، من بەشانازیەوە هاتمە دیوانی شارەوانی چوونکە دەم زانی سەرۆك شارەوانی شارەکەم کەسێك بووە لەریزی خەباتدا بووە بۆمنیش عەیب نەبوو ئەگەر لەکەناڵەکانی رەسمی و قانونیەوە وەکو هاو وولاتیەکی کوردستان کە ئەندامی سەندیکای پارێزەرانم هەروەها رۆژنامە نووسان هەروەها مافپەروەران دوای ئەوەی بەعس لە گەنجی و هەموو خۆشیەکی ژیان مەحروومی کردم وەکو ئەو خەڵکە لەو خاکەی کە سوێندی پێ ئەخۆین چەند گەزێك ئەرزەم هەبێ خوای ئەکرد لەودیوو گوێژەوە ئەبوو دوو ژووری تیا دروست بکەم.

رەنگەئەگەر کەسێك دڵی زویر بێ وبڵێ جاریکی تر ئەگەر هەمان کاربەدەست خۆی کاندید کاتەوە دەنگی بۆ نادەم ئەو بڕیارە بەتاکید تەنها کاربەدەستەکە ناگرێتەوە بەڵکو بەسەر حیزبەکەیا ئەشکێتەوە کە رەنگە غەریمی بەهێزی هەبێ و چاوەروانی ئەو دەنگانە بێ کە لەو ئەکشێنەوە چوونکە ئەگەر میکانیزمی دیموکراسی بۆ وەرگرتنی دەسەلات پەیرەو بکەین دیارە یەك دەنگ وەیان کۆمەڵە دەنگێك چارەنووسی سیاسی حیزبێك یان رێکخراوێك دیاری ئەکا بۆیە هیوادارم حیزبەکانی کوردوستان لە رێگای کاربەدەستەکانیانەوە کە تەماسی رۆژانەیان هەیە لەگەڵ هاو وولاتیان ئەگەر بۆشیان نەکرا وەیان یاسا رێگەی نەدا ئیشەکانیان بەو شێوەیەی کە خۆیان ئەیانەوێ بۆ جێبەجێ بکەن وەکو هاو ولاتیەك کە تەواو کەرامەتی مەحفوزە وەلام بدرێنەوە بەو شێوەیە هەم رێز لەیاسا ئەگرن و هەم ئەو هاو وولاتیەش لە حیسەی خۆتاندا ئەهێلنەوە ئەگەر جارێکی تر سندوقەکانی دەنگدانیان بۆ ریز کردنەوە دڵتەئمین بن لەوەی کە دەنگتان بۆ ئەدا چوونکە لەکۆمەڵگای مەدەنیدا زۆربەی زۆری هاو وولاتیان تەنزیمینین (حیزبی نین) بەڵکو ناخبن بەواتایەکی تر دەنگ دەرن دەنگ بۆ ئەو حیزبە ئەدەن کە باری ژیانیان لەرووەکانی کۆمەلایەتی و ئابووری و فەرهەنگیەو پاراستنی مافە بنەرەتیەکانیانەوە سەرئەخا... زۆر بەرێز کاك قادر شتێکی تر هەیە کە ئەویش لەرووی ئەهمیەتەوە لەوانی دی کەمتر نیە ئەگەر زیاتر نەبێ ئەویش

جالیەی کوردیە لەهەندەران کە لانی کەم ئێستا زیاد لە سەد هەزار منداڵیان لە ئەوروپاو ئەمەریکاو هەموو وولاتە پێشکەوتووەکانی تر لە سەر حیسابی ئەو وولاتانە لە خوێندنگاو زانستگاکانیان پێ ئەگەیێنرین بە بێ ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان یەك فلس لە گیرفانی خۆی خەرج کا وەیان مەجبوور بێت داوا لەم ولات و ئەو وولات بکا لە کە چەند کورسیەکیان لە زانکۆکانیان بدەنێ لەرێگەی بەرێزتانەوە داوا لە دەسەلات داری کوردوستان ئەکەم کە رێز لە باوکو دایکیان بگرن کاتێك دێنەوە بە سەردان و نەختێك ووشەی ئێوە لە خاریجن کەم کەنەو چوونکە لانی کەم نیوەی ئەو منداڵانە لەپاشەرۆژێکی نزیك دا دەبن بە کەسانێکی خاوەن ئەزموون لە هەموو بوارە مەعریفیەکاندا کە کوردستان زۆر پێویستی پێیەتی نەخێك سەبربگرن با ئەو منالە کوردانە پێبگەن.

بۆیە ئەم نامەیەشم بە کراوەیەی بۆ ناردن چوونکە دڵنیام لەوەی کە لەکوردوستان ئەمرۆ کەس لەبەر رەخنە بەزمانێکی شارستانی موحاسەبە ناکرێت ئەو داوایەشەی کە سێ ساڵە بۆ ئەرزە تەقدیمم کردووە لە شارەوانی ماوەتەوە اعتباری کەن کە وازم لێ هێناوە. هیوادارم سەرکەوتووبن لە و ئەرکە مێژوویەی کە لە سەر شانتانە و بۆ مۆدێرێن کردنی خەڵك و شارە خۆشەویستەکەمان سلێمانی. هەر بژین.

kaleddmajeed@hotmail. Com

ئەمەی لای خوارەوە لینکی هەندێك لەو ووتارانەیە کە لە وەڵامی نووسەرە شۆفێنیە عەرەبەکان نووسیومن بۆ ئەوەی دڵنیا بن لەوەی هەندێ جار یەك کەس بەتەنها لە پشت کۆمپیوتەرێکەوە لە هەرکوێیەکی ئەم دونیایە بێت ئەتوانێ بە بێ بەرانبەر دەوری لە کۆمەڵێك کەس زیاتر بێت کە لە راگەیاندن بەرەسمی ئیش ئەکەن و هەموو کار ئاسانیەکیشیان بۆ ئەکرێت. بێ گوومان بەندە تاکە کەس نیە بەڵکو کۆمەڵێك کوردی بەتوانا هەن کە بەهەمان رۆح وبەتوانایەکی زیاتر لە بەندەوە کار ئەکەن.

http://www. elaph. com/elaphweb/AsdaElaph/2005/2/40295. htm?KeyWords=
http://www. dengekan. com/doc/2005/3/khalidMajed29. htm
http://www. pukonline. com/News/A_News/Dec/240. htm
http://www. pukonline. com/hewall/arabicnews/mart/389. htm
http://www. pukonline. com/News/A_News/Dec/318. htm
http://www. pukonline. com/News/A_News/Dec/127. htm